# جگەرسۆ

خانمە دکتۆر چرۆ محمد عبدالله

جگەرسۆی جۆری (A)



نیشانەکانی بە نە خۆری، لەشی داهێنران دەست پێ ئەکات، پاش چەند هەفتەیەك کە زەردوویی دەرئەکەوێت، بەشی سەرەوەی لای ڕاستی سك ئازاری تێ ئەکەوێت و کە دەستی بەر کەوێت دێشێت.

ئەم سۆیە لە ڕێی پاشەڕۆی نەخۆشەوە بڵاوئەکات ، کە ڤایرۆسێکی لە گەڵ دێتە دەرەوە و لە کۆمەڵگا و شوێنە داخراوەکاندا بە خێرایی تەشەنە ئەکات.



جگە لە نیشانەکان سەرەوە، بۆ دەست نیشانکرنی پشت بە بەرزی ئاستی زەردوویی خوێن، ئەنزایمی جگەر و دژەتەنی جگەرسۆی (A) ئەبەسرێت.

ئەم نەخۆشی یە، خۆبەخۆ لە چەند رۆژێك یان هەفتەیەکدا چاك ئەبێتەو ە جگەر وەك جارانی لیَ دێتەوە، زۆر بە دەگمەن ئەبێتە هۆی سستی جگەر.

جۆری B



لە گەڵ تووشبووندا مرۆڤەکە هەست بە نەخۆری و ژانەسك و لەشداهێزران و زەردویی ئەکات، یان ئەشێت بە نیشانەی دواکەوتوی وەك ڕیشاڵڕیشاڵبوونی جگەر و باژەڵە و خوێن بوریە گموڵی سورێنچك و خوێنڕشانەوە دەربکەوێت، ئەم جۆرەیان ترسناکە و ڤایروسەکە لە خوێن دا ئەمێنێتەوە ، جگەر بە بەردەوامی ئەسووتێتەوەو و ئەبێتە هۆی ڕیشاڵڕیشاڵبوونی جگەرو ئەگەری شێرپەنجەی جگەر.

